ژوری توێژینەوەی سیاسی
بزوتنەوەی گۆڕان

# نزیکبونەوەی تورکیا و ئێران و روسیا چارەنوسی کورد

نوسین و ئامادەکردنی : د. سەردار عەزیز . گەیلان عەباس



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com

تشرینی دووەمی ٢٠١٧

# نزیکبونەوەی تورکیاو ئێرانو روسیا
# چارەنوسی کورد

د. سەردار عەزیز- گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
تشرینی دووەمی ٢٠١٧

## پێڕست

دەروازە ........................................................ ٣
نزیکبونەوەی تورکیاو ئێرانو روسیا ........................................................ ٥
دەقی رێککەوتنە بڵاوکراوەکەی روسیاو ئێرانو تورکیا ........................................................ ٦
ئاماژە نادیارەکانی رێککەوتنە سێ قۆڵیەکە ........................................................ ٧
هۆکارەکانی لێک نزیکبونەوەی روسیاو ئێرانو تورکیا لەم کاتەدا ........................................................ ٨
ئامانجەکانی روسیا لە سوریا ........................................................ ١١
ئێران ........................................................ ١٢
ئێران و روسیا ........................................................ ١٣
تورکیا ........................................................ ١٤
روسیا، ئێرانو تورکیا ........................................................ ١٥
کورد لەنێوان سێ لایەنی روسیاو ئێرانو تورکیادا ........................................................ ١٦
مەترسیەکانی رێکەوتنی روسیاو ئێران و تورکیا بۆ پرسی کورد ........................................................ ١٩
دەرئەنجام ........................................................ ٢٠
سەرچاوەکان ........................................................ ٢٢

## دەروازە

کۆبونەوەی وڵاتان بۆ ڕێککەوتن لە سەر دۆخی سیاسی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست روداوێکی نوێ نیە لە مێژوی ناوچەکەدا. لە سەد ساڵی ڕابردودا ژمارەیەکی زۆر لە وڵات، لە ژمارەیەکی زۆر کۆنفرانسدا کۆبونەوەتەوە بۆ ڕێکخستنی دۆخی سیاسی یەکێک لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم دیاردەیە جێگای تێرامانە. ئەمڕۆ دیسانەوە کۆمەڵێک وڵات لێکنزیک دەبنەوە و کۆنفراس سازدەکەن، سەرەتا لە نێوان خۆیاندا و پاشان سەرپەرشتی هێزەکانی ناو ئەو وڵاتە کە دەخوازن جارێکی تر بەرهەمی بهێننەوە.

تورکیا و ئێران و روسیا لە سەر سوریا کۆدەبنەوە و پاشان هێزە سوریەکان کۆدەکەنەوە. نە هیچ کام لەم وڵاتانە دۆستی کوردن و نە هێزی کوردی کاریگەر لەو دانیشتنانەدا ئامادەیە. ئەم دۆخە جێگای نیگەرانیە. کورد لە ڕێککەوتنەکانی پێشودا، وەها لە سەری ڕێککەوتون کە بونی نەبێت، دیار نەبێت، خاوەن بەڕێوەبردنی خاک و خەڵکی خۆی نەبێت.

ئەمڕۆ دۆخێکی نوێ لە ئارادیە، بەڵام هێشتا ئەم دۆخە بە شلی ماوەتەوە و مایەی داڕمان و گۆڕینە لە هەمو ساتێکدا .

ئەم نوسینە هەوڵدەدات خوێندنەوەیەک بکات بۆ ئەم دۆخە. میتۆدی ئەم نوسینە بەیانکردنی دەقی ڕاگەیەندراوەکانە لە گەڵ هەوڵدان بۆ بەکاربردنی میتۆدی جیوپۆلەتیک، کە بنەما چەسپیوەکان لە گەڵ بەرژەوەندی و هێزە گۆڕاوەکاندا پێکەوە گرێدەدات لە پێناو خوێندنەوەی ئەوەی رودەدات.

ئەم پرۆسەیە ئاسان نیە. بە تایبەت کاتێک وڵاتانی ناوچەکە ناتوانن پەیوەندی درێژخایەن بونیادبنێن. لە هەمانکاتدا پەیوەندیەکان بە ئامانجی جیاوازن و بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە لە جێگای تر، بۆ نمونە ئێەم بڕوامان وەهایە، نزیک بونەوەی تورکیا لە ئێران و روسیا بە ئامانجی بە دەستهێنانی زیاتر لە لایەن ئەوروپا، ئەمریکا و لە سەروی هەمویەوە وڵاتانی کەنداو، کە ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە ئەو وڵاتانە بە بڕی سەد ملیار دۆلار وەبەرهێنان دەکەن لە تورکیا. لە هەمانکاتدا ئەوە ڕونە کە ئابوری بنەما هێز و مانەوەی ئەردۆگانە.

هەروەها لە هەمانکاتدا هەست دەکەین کە بەرژەوەندی جیاوازی وڵاتان مایەی ناسەقامگیری ئەم هاوپەیمانیەیە. بۆ نمونە روسیا و ئێران وەک باسمانکردوە کە هەریەک

لەو دو وڵاتە ئامانجی جیاوازیان هەیە. روسیا دەیەوێت لە رێگای سوریاوە خۆی لە ئەمریکا نزیک بکاتەوە، لە هەمانکاتدا ئێران دژ بەم ئاراستەیەیە، بۆیە پەیوەندی ئێران و روسیا لە سوریا ڕەنگە بەرەو گرفت بڕاوت. دواجار ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە لەنێو ئەم گۆرانکارییە نێودەوڵەتی و هەرێمیانەدا بریتییە لە دۆسییەی کورد بەگشتی و دخی کورد لە باشور و ڕۆژئاوا بە تایبەتی. سەرئەنجام ئەم راپۆرتەش بەو ئامانجە نوسراوە.

## نزیکبونەوەی تورکیاو ئێرانو روسیا

ماوەی چەند مانگێکە هەست بە لێک نزیک بونەوەیەکی دیارو ئاشکرا دەکرێت لە نێوان روسیا، تورکیاو ئێران لەبارەی کۆمەڵێک پرس لە دیارترینیان (قەیرانی سوریاو جەنگی دژ بە تیرۆر، جەنگی حەڵەبو موسڵ، چارەنوسی کورد لە رۆژئاوای کوردستان...). پاش چەندین دانوستانو چاوپێککەوتنی دوقۆڵیو سێ قۆڵی لەنێوانیاندا، رۆژی سێشەممە ٢٠-١٢-٢٠١٦ هەرسێ وەزیرانی دەرەوەی روسیا، تورکیاو ئێران لە مۆسکۆی پایتەختی روسیا کۆبونەوەو لەوبارەیەوە راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا لەسەر (٨) خاڵ رێککەوتنو پەیامەکەشیان لەمیدیاکاندا لەژێر ناوی لێکتێگەیشتنی مۆسکۆ بڵاوکرایەوە. دواتریش بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکەی نێوانیان، رۆژی پێنج شەممە ٣٠-١٢-٢٠١٦، روسیاو تورکیا ئاگربەستی گشتگیریان لە سوریا راگەیاندو حکومەتو ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەش پابەندبونی خۆیان بە ئاگربەستەکە دووپاتکردەوە، هەمان رۆژ ئاگربەستەکە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لەلایەکی دیکەوە لە رێکەوتی ٢٣-١-٢٠١٧ لە شاری ئاستانای پایتەختی کازاخستان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی داهاتوی سوریاو راگرتنی جەنگ، کۆبونەوەیەك لەنێوان حکومەتی سوریاو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەو وڵاتە بە نێوەندگیری و بەشداری و چاودێری (روسیا، ئێران، تورکیا، ئەمریکا، کازاخستان و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان) بەڕێوەچوو. لەبارەی بەشداری بەشێک لەلایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریاشەوە وەک گوتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، پێشتر رایگەیاندبوو "هێزە کوردییەکانی پەیەدە، بەرەی نوسرە (فەتح شام) و داعش هیچیان لە کۆبوونەوەکانی ئاستانا بەشداریان نەکرد".

دوای دو رۆژ لەکۆبونەوەکانی ئاستانە بۆ چارەسەرکردنی دۆخی سوریا راگەیەندراوێک بڵاوکرایەوەو ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە کۆبونەوەکانی داهاتوی نێوان حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنی سوریا لە جنێڤ بەردەوامیان دەبێت و جەنگیش لە سوریا بۆ ماوەیەک رادەگیرێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا تا ئێستا دیار نییە کە نوێنەرانی کورد (پەیەدە) بەشدار دەبن لە کۆبونەوەکانی جنێڤ، یاخود بەهەمان شێوەی کۆبونەوەکانی ئەستانە، ئەم قۆناغەی دانوستان لەسەر ئایندەی سوریا بەبێ ئامادەیی کورد تێدەپەرێندرێت.

## دەقی ڕێککەوتنە بڵاوکراوەکەی روسیاو ئێران‌و تورکیا

١. ئێران، روسیاو تورکیا پشتیوانی خۆیان دوپاتدەکەنەوە بۆ سەروەری تەواوەتی، سەربەخۆیی، یەکگرتوییو یەکپارچەیی کۆماری عەرەبی سوریا، وەك وڵاتێکی فرەئیتنیکیو فرەدینیو هەروەها وڵاتێکی دیموکراسی عەلمانی نامەزهەبی.

٢. ئێران، روسیاو تورکیا هاوڕان لەسەر ئەوەی هیچ چارەسەرێکی سەربازی بۆ قەیرانی سوریا نییە، بەڵکو رۆڵی گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرچاودەگرن بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە بە پشتیوانی بڕیاری ٢٢٥٤ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان[١]. هەروەها لەبەرچاوگرتنی بڕیارەکانی گروپی نێودەوڵەتی پشتیوانی سوریا (ISSG) . داوا لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین بۆ ئەوەی هاوکاربن بە نیەتێکی باش بۆ لابردنی گشت بەربەستەکان لە رێگای جێبەجێکردنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان.

٣. ئێران، روسیاو تورکیا پێشوازی لە هەوڵەکان لە رۆژهەلاتی حەلەب دەکەن بۆ دەرچوونی خەڵکی مەدەنی هەروەها دەرچونێکی رێکخراو بۆ گروپە چەکدارەکان. هەر سێ وەزیر پێشوازی لە دەرچوونی مەدەنییەکانیش لە فوعا، کفریا، زەبەدانیو مەزایا دەکەن. بۆ سەلامەتی هەمووان، پابەندین بە تەواوکردنی ئەو پرۆسەیە بە باشترین شێوە. هەروەها هەر سێ وەزیر سوپاسی نوێنەرانی(ICRC) و(WHO) دەکەن بۆ پشتیوانیان لە پرۆسەی دەرچوونی مەدەنییەکان.

٤. بە مەبەستی هاوکاری مرۆییو جوڵانی ئازادانەی مەدەنییەکان، هەر سێ وەزیر رێککەوتن لەسەر گرنگی فراوانکردنی ئاگربەست لە تەواوی سوریا.

٥. ئێران، روسیاو تورکیا ئامادەیی خۆشیان دەربڕی بۆ ئاسانکاری گرنتیکردنی هەر رێککەوتنێك لەنێوان حکومەتی سوریاو ئۆپۆزیسیۆن. داواش لە هەمو وڵاتان دەکەن بە هەمان شێوە رەفتار بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی کاریگەریان هەیە لە مەیدانەکەدا.

٦. ئێران، روسیاو تورکیا باوەڕیان وایە ئەم رێککەوتنە پێویستییەکی حەتمییە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسی لە سوریا، بە پابەندبوون بە بڕیاری ٢٢٥٤ی ئەنجومەنی ئاسایش.

---

١. بڕیاری ٢٢٥٤: ئەو بڕیارە بوو کە ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە نەتەوە یەکگرتوەکان لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ دەنگی لەسەردا، کە تیایدا باس لە دەستپێکردنی دانوستان دەکات لەسوریا کانونی دوەمی ساڵی ٢٠١٦ دا، لە بڕیارەکەشدا هاتوە کە گەلی سوریا خۆیان بڕیار لەسەر چارەنوسی ئایندەی وڵاتەکەیان دەدەن، ئەوەش لەرێگەی راگرتنی جەنگ و هێرش نەکردنە سەر هاوڵاتیانی سیڤیل. دواتر دروستکردنی حکومەتێکی راگوزەرو ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەژێر چاودێری نێودەوڵەتیدا.

٧. هەر سێ وەزیر بە گرنگی دەڕوانن لە بانگهێشتی سەرۆکی کازاخستان بۆ لەخۆگرتنی کۆبوونەوە لەسەر داهاتووی سوریا لە ئەستانە.
٨. ئێران، روسیاو تورکیا پابەندبوونی خۆیان دوپاتکردەوە بۆ شەڕێکی هاوبەش لە دژی داعش‌و نوسرە، جیاکردنەوەی ئەو دوو گروپەش لە گروپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە.

## ئاماژە نادیارەکانی رێککەوتنە سێ قۆڵیەکە

بەگشتی لە رێککەوتنە سێ قۆڵییەکەی نێوان روسیاو ئێران‌و تورکیا باسی گۆڕانکارییەکانی سوریا کراوە بەتایبەت پرسی حەلەب. بەڵام ئەوەی شایەنی تێبینییە ئەوەیە کە لە رێککەوتننەکەدا بەهیچ شێوەیەک باس لە چارەنوسی رژێمەکەی (بەشار ئەسەد) نەکراوە. بەڵام بەپێی هەندێک زانیاری دەگوترێت تورکیا رەزامەندە بەمانەوەی رژێمەکەی ئەسەد، بەمەرجێک گرنتی یەکپارچەی خاکی سوریای لێوە بەرهەم بێت، چونکە بەدابەشبوونی سوریا کورد دەبێتە خاوەن کیان‌و لە ڕوی جوگرافیشەوە ڕاستەوخۆ دەبێتە دراوسێی تورکیا، کە ئەمە لە بەرژەوەندی تورکیا نابێت، وەک خۆیان دەڵێن کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەییان دەبێت، هەموو هەوڵێک دەدەن پرۆژەیەکی لەو شێوەیە سەرنەگرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە لە رێککەوتنەکەدا بەهیچ جۆرێک باس لە چارەنوسی کانتۆنەکانی رۆژئاواو نەکراوەو رۆڵی هێزە کوردییەکان ئاماژەی بۆ نەکراوە. بەڵام ئەوەی کە لە رێککەوتننامەکەدا زۆر رونە ئەوەیە کە باس لە پەیوەستبونی هەرسێ لا دەکاتەوە لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سوریا لە ئایندەدا، ئەمەش بەجۆرێک لە جۆرەکان چارەنووسی رۆژئاوای کوردستان بەرەو قۆناغێکی نادیار دەبات. لەلایەکی دیکەوە زۆر بەرونی باس لە روبەروبونەوەی تیرۆرکراوە لە سوریادا، بەدیاریکراویش ناوی هەریەک لە هێزەکانی (داعش‌و بەرەی نوسرە) هاتوە، واتە هەرچەند تورکیا بە ئاشکرا هێزە کوردییەکانی رۆژئاوا بە تیرۆریست ناودەبات، بەڵام لەئاکامدا نەیتوانیوە ئەم خواستەی خۆی بەسەر هەریەک لە ئێران‌و روسیادا فەرز بکات‌و روبەروبونەوەی هێزە کوردییەکانیش لە سوریا بخاتە چوارچێوەی ئەجێندای کاری ئەم سێ لایەنەوە لە داهاتودا.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئایا نزیکبونەوەی روسیاو ئێران‌و تورکیا نابێتە هۆکارێک بۆ سازشکردن لەدژی مافەکانی کورد لە رۆژئاوای کوردستان؟ ئاماژەکان

لەمبارەیەوە مەترسیدارن. بە پێی هەندێک زانیاری ئەردۆغان لەیەکەم دیداری لەگەڵ پۆتین دوای ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، داوای بڕینی هاوکارییەکانی روسیای بۆ (پەیەدە) کردووە، هاوکات دەنگۆی ئەوە هەیە کەئۆفیسی نوێنەرایەتی خۆبەڕێوەبەری کورد لەمۆسکۆ داخراوە. هەروەها دەگوترێت ئەردۆگان داوای لە روسیا کردووە واز لەپاڵپشتیو بیرۆکەی سەربەخۆیی کانتۆنەکانی رۆژئاوا بهێنێت، ئەویش ئامادەیە بیرۆکەی روخاندنی بەشار ئەسەد وازلێبێنێت.

## هۆکارەکانی لێک نزیکبونەوەی روسیاو ئێرانو تورکیا لەم کاتەدا

١. بۆ نزیکەی ٢ساڵ دەچێت تورکیا بەدەست کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی ناوخۆییەوە دەناڵێنێت لە دیارترینیان ( ئاسایشو تیرۆر، ئابوریو دابەزینی بەهای لیرەی تورکیو زیادبونی بێکاریو هەڵئاوسانی ئابوری، قەیرانی سیاسی لەگەڵ پارتە کوردییەکان، کێشەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا (داود ئۆغلۆ)، روبەروبونەوەی ئەندامو لایەنگرانی بزوتنەوەی خزمەتو داعشو پارتی کرێکارانی کوردستان، سەرەرای شکست هێنانی هەوڵی کودەتایەکی سەربازی بارودۆخی ناوخۆی تورکیای زیاترو زیاتر شێواند .... هتد). بەردەوامی ئەم قەیرانانەو چارەسەر نەکردنیان دۆخێکی بۆ تورکیا هێنایە گۆرێ کە ناچاری کرد بیر لە ئەڵتەرناتیڤی دیکە بکاتەوە بەتایبەت لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی. ئەوەبوو لەماوەیەکی دیاریکراودا دەستیکرد بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەک لە روسیاو ئێرانو ئیسرائیلو عێراق، تەنانەت رێککەوتننامەی لەگەڵ ئەو لایەنانەدا ئیمزاکرد بۆ لێکتێگیشتنو لێکنزیکبونەوەی زیاتر لەسەر قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست.

٢. بەم دواییانە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا، وەک دو هێزی هاوپەیمان گەیشتە ئاستێك کە پێشتر نەگەیشتبوە ئەو قۆناغە، پەیوەست بە کۆمەڵێک بابەتەوە، لە دیارترینیان پرسی کورد لە سوریا. بۆ نمونە رێکەوتی ١١-١٢-٢٠١٦ فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا (CENTCOM) لە تونێکی فەرمیدا پشتگیری خۆی بۆ بەیاننامەکەی هێزەکانی (سوریای دیموکرات) راگەیاند کە یەپەگە سەرۆکایەتی دەکات. لە

تویتەکەدا هاتووە "هێزەکانی سوریای دیموکرات هیچ پەیوەندییەکییان بە پەکەکەوە نییە". لەبەرامبەردا گوتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا (ئیبراهیم کالن) وەک وەڵامێک بۆ وتەکانی فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا گوتی "ئەم وتەیە یان گاڵتەجارییە، یاخود فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا عەقڵی لەدەستداوە. بۆیە پێویستە ئەمریکا واز لە بە یاساییکردنی گروپە تیرۆریستییەکان بهێنێت". پەیوەست بەم بابەتەوە (ئەردۆگان) لەرێکەوتی ٢٧-١٢-٢٠١٦ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری ئەنقەرە ڕایگەیاند "تورکیا بەڵگەی لەبەردەستدایە کە ئەمەریکا پەیوەندی بە ڕێکخراوی داعش و گروپە کوردیەکانەوە هەیە". واتە بە ئاشکرا ئەمریکای تۆمەتبار کرد بە پشتگیری کردنی تیرۆر، بەتایبەت داعش و هێزە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان و داڵدەدانی (فەتحوڵا گولەن) لە ئەمریکا. لەبەرامبەردا (مارك تۆنەر)[٢] وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ئەمەریکا لەوبارەیەوە راگەیاند"ئەو تۆمەتانەی تورکیا لەبارەی پەیوەندی ئەمریکاو رێکخراوە تیرۆریستیەکان جێگەی پێکەنینە". تۆنەر گوتیشی"تۆمەتەکانی تورکیا نەك تەنها ڕاست نین بەڵکو زیان بە پەیوەندیەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا دەگەیەنێت". دۆخەکە لەم ئاستەدا نەوەستا دوای دەستبەرداربونی ناتۆ و ئەمریکا لە تورکیا لەململانێکانی لەگەڵ روسیادا، وا ئەمجاریش لە جەنگی دژ بە داعش و هێزەکانی پەیەدە لە سوریا، پشتیان کردە تورکیا. لە بەرامبەردا تورکیا وەک کاردانەوە دوبارە باسی داخستنی بنکەی ئاسمانی ئەنچەرلیك دەکات بەڕوی فڕۆکەکانی ئەمریکا و هێزی هاوپەیمانان، کە لەو رێگایەوە هێرش دەکەنە سەر داعش لە سوریاو عێراق. لەمبارەیەشەوە وەزیری بەرگری تورکیا دەڵێت ". دەبێت هەموان بزانن کە بنکەکەمان سەر بە پەیمانی ناتۆ و هیچ لایەکی تر نییەو بەکارهێنان و داخستنی بە رەزامەندیی ئەنقەرە دەبێت ". ئەم لێدوانە ئەو دەگەیەنێت کە ئەمریکاو تورکیا بە جۆرێک لە جۆرەکان لێک دورکەوتونەتەوە، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو، ب پشت وەرچەرخاندنی تورکیا لە ئەمریکا لەم قۆناغەدا ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی و دیاریکراویش بێت.

٣. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی تا ئێستا بریاردەری سەرەکین لەبارەی شەری موسڵەوە، بەڵام لە حەڵەب ئەمریکا نەیتوانی بەهەمان هێزو توانای موسڵەوە دژ بە تیرۆر رۆڵببینێت، بەڵکو لەبەرامبەردا روسیاو هاوپەیمانەکانی، توانیان هاوکێشەکە بەلای

٢. مارک تۆنەر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو لە سەردەمی باراک ئۆبامادا.

بەرژەوەندی خۆیاندا لاسەنگ بکەن. هەموو ئەو هێزانەش کە پێشتر لەو ناوچانە بەهێزی ئۆپۆزسیۆن ناودەبرانو ئەمریکاو تورکیاو سعودیەو قەتەر پشتیوانیان لێ دەکردن لە حەڵەب رۆڵیان تەواوبوو، دور نییە لەئایندەیەکی نزیکدا لەناوچەکانی دیکەی سوریاش هەمان چارەنوس روبەرویان نەبێتەوە. هەموو ئەمانە ئاماژەی ئاڵوگۆڕی پارسەنگی هێزن لەبەرژەوەندی روسیاو ئێرانو پاشەکشەی ئەمریکاو هاوپەیمانانەکانی لە دۆسیەی سوریادا. ئەمەش هۆکارێکی پاڵنەربوو بۆئەوەی تورکیا ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی گەر بەشێوەیەکی تەکتیکیش بێت، بەلای ئەو بەرەیەدا بشکێنێتەوە کە پێشتر لەبەرامبەر سیاسەتەکانیان دەوەستایەوە، بەو پێیەی لە ئێستادا بالادەستی بەرەی ئێرانو روسیا، زیاتر زەمانەتی بەرژەوەندی تورکیا دەکەن لە سوریادا.

لەم روانگەیەوە ئەمریکاو هاپەیمانانی لەسوریادا پێگەیان زیاتر وەک ئۆپۆزسیۆنێکی شکستخواردو بەدیاردەکەوێ لەبەرامبەر روسیاو هاوپەیمانەکانیدا، دەشێ ئەم دەرکەوتە نوێیانە بۆ دوای جەنگی حەڵەب کاریگەری لەسەر جەنگی موسڵیش جێبهێڵن، بەجۆرێک کەپێدەچێ هەلومەرجی ئایندەی ناوچەکە زیاتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی روسیاو ئێران مامەڵەو رێکەوتنی لەسەر بکرێت.

٤. کەرت کردنو درزخستنە نێو بەرەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەلایەن روسیاو ئێرانەوە، هەمیشە ئاماژەیەکی خوازراو بووە دژ بە سیاسەتی ئەمریکا، ئەمەش بە ئامانجی زیاتر دورخستنەوەی هەژمونی ئەمریکاو زیاتر جێکردنەوەی هەژمونی روسیاو ئێران لە خۆرهەلاتی ناوەراستدا. لەم پێناوەشدا پێیان باشە کە ناکۆکییەکانی نێوان ئەنقەرە و واشنتۆن قوڵتربکەنەوە، تا زۆرترین سەرنجی جیهانی و هەرێمی بۆ ڕابکێشن بە ئامانجی نیشاندانی ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەرەو لاوازی دەچن و لە پاشەکشێدان. بەدیاریکراویش راکێشانێ هێزێکی وەک تورکیا، کە هەمیشە بەدۆستی نزیکو شوێنکەوتەی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەناسرێت. هەر ئەمەش وایکرد کە روسیاو ئێران بەگەرمی پێشوازی لە دەستپێشخەرییەکانی تورکیا بکەن لەبارەی لێکتێگەیشتن لەسەر کۆمەڵێک پرس، کە دیارترینیان پرسی سوریاو ئایندەی رۆڵی کورد بوو لە ناوچەکەدا. بەلام لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت سیاسەتی تورکیا لەگەڵ روسیادا زیاتر سیاسەتێکی کاتیو تەکتیکی بێت، چونکە تورکیا بۆ هەمیشە ناتوانێت خۆی لە ئەمریکا

بە دوور بگرێتو لە کۆتاییدا یان دەبێت لە ڕێکخراوی ناتۆ بچێتە دەرەوە، یاخود لە ڕوسیا دوور بکەوێتەوە. کە ئەمەی دوەمیان زۆرتر ئەگەری ڕودانی هەیە.

٥. تورکیا دەخوازێت لە ڕێگەی نزیکبونەوە لە ڕوسیا و ئێران زۆرترین فشار بخاتە سەر ئەمریکا لە پێناو بەدەستهێنانی چەند ئامانجێک:

- بەمەبەستی ڕادەستکردنەوەی (فەتحوڵا گولەن) لەلایەن ئەمریکاوە، کە تورکیا بە تۆمەتباری سەرەکی و پلاندان دانەر و جێبەجێکەری کودەتاکەی ٧ حوزەیرانی ٢٠١٦ دەزانێت.
- بە مەبەستی دەستبەرداربوونی ئەمریکا لە هاوکاری و پشتیوانی کردنی هێزەکانی پەیەدە (یەپەگە-یەپەژە) لە سوریا.

### ئامانجەکانی روسیا لە سوریا

١. سود وەرگرتن لە جەنگی سوریا بۆ بە دەستهێنانی کورسیەکی دەسەڵات لە ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی و جیهاندا. بۆنمونە پاش فەراموشکردنی رۆڵی روسیا بەتایبەت لە (عێراق و لیبیا)، ئیدی روسیا هەستی کرد کە پێگەی بەجۆرێک لاوازبووە کە سیاسەتی جیهانی بەبێ گوێپێدانە ئەو دەگوزەرێت. بەڵام ئامادەیی لە سوریا دەخوازێت ئەم دۆخە فەراموشکراوە کۆتایی پێبهێنێت.

٢. روسیا بە بونی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەیەوێت توانای چەک و سەربازی خۆی نمایش بکات، هەتا ببێتە یەکێک لە دابینکەرانی چەک و تەقەمەنی بۆ بازاڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بازاڕێکی بێئەندازە سودمەندە.

٣. بە بونی پەیوەندی لە گەڵ ئێراندا، روسیا دەخوازێت دیوارێک دروست بکات لە نێوان تورکیاو ئەوروپاو سەرچاوەکانی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی تری وزە لە نزیک یەکێتی ئەوروپا دروست نەبێت کە زیانی ئابوری لە فرۆشی نەوت و گازی روسی بدات.

٤. روسیا دەخوازێت بە سودبینین لە قەیرانی داڕمانی سیستەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا لاوازبکات، ئەوەش لە رێگای ناردنی پەنابەری زیاتر لەسەر هەردو ئاستی ئابوری و سیاسیدا. ئاشکرایە، روسیا پشتیوانی پارتە دژە پەنابەرەکانی ئەوروپا دەکات.

٥. بە لاوازکردنی سوننە لە شام و عێراق، روسیا رێگری دەکات لە هاتنە ئارای دەوڵەتێکی ئیسلامی کە نزیکە لە روسیاوە. دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین، سەرباری جیابونەوەیان روسیا هێشتا وڵاتانی ئاسیای ناوەند بە ناوچەی قەڵەمڕەوی خۆی دەزانێت. هەروەها روسیا لە گەڵ موسوڵمانانی خۆی کێشەی هەیە، کە زۆربەی زۆریان سوننەن، لە ٢٠٠٩ وە پرۆژەی تەشەیوعی دەست پێکردوە لە وڵاتەکەیدا.

٦. روسیا کە لە سوریایە، پەیوەندی پتەوی هەیە لە گەڵ ئێراندا، هەروەها لە گەڵ ئیسرائیلدا، لە رێگای سوریاشەوە کاریگەری دەبێت لە سەر تورکیا، سەرباری جیاوازیان. ئەمە روسیا دەکاتە وڵاتێکی هەرێمی. هەروەها لەم رێگایەوە کاریەگەری لە سەر ئەوروپا دادەنێت، کەلە ڕوی جیوپۆلەتیکەوە زۆر بۆی جێگای بایەخە. سوریا لە ناوەندە جیهانیەکانیشدا دەرفەتی دەداتێ، وەک ئەوەی لە کۆنگرەی جنێفدا دەیبینین .

٧. روسیا لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدە لە سوریا، بەڵام بە پێچەوانەی ئێران، ئەسەد هێڵی سور نییە بۆ ڕوسیا، سەرئەنجام حکومەتێکی عەلمانی و نارادیکاڵ، کە بتوانێت سەقامگیری و بەرژەوەندی روسیا لەسوریا بپارێزێت بۆ مۆسکۆ حکومەتێکی قبوڵکراوە.

### ئێران

عێراق گرنگترین وڵاتە بۆ ئێران لە ناوچەکەدا، لە ڕوی مەزهەب، ئابوری، جیوپۆلەتیک و ئاسایشەوە. هەمیشە عێراق و ئێران لە کێبرکێدابون و بە دوای فرسەتدا گەڕاون کە ململانێ و کێبرکێی یەکدی بکەن و لایەکیان بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بێت. پاش روخانی شا، عێراق ئەو هەوڵەی دا. کە سەرئەنجام شەڕی عێراق ئێرانی لێکەوتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ئێران هەوڵیدا هەمان پلان جێبەجێبکات. بەڵام ئێران بە هاتنی ئەمریکیەکان ترسی زۆری لێنیشت. بە گشتی ئێران ترسی هەبوە لەوەی وڵاتێکی بەهێزتر لە رژێمی پێشوی عێراق ببێتە دراوسێی، یان عێراقێک دروست ببێت کە رکابەری ئێران بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا عێراقی لاواز یان پڕ لە کێشە دەبێت هۆی ئەوەی کە زلهێزەکان بهێنێتە ناوچەکە و فشار لە سەر ئێران دروست بکات. بۆیە ئێران لە کاتێکدا لەگەڵ هاتنی ئەمریکادا بو بۆ روخانی سەدام، بەڵام دژ بە مانەوەی ئەو وڵاتەبو لە عێراقدا. پاشان کە لە دەرپەڕاندنی ئەمریکا سەرکەوتوبو، بەوە ئێران لە رێگای شەڕی داعشەوە، کەلتوری

حوکمڕانی و سیستەمی سەربازی، دیموگرافیای عێراقی بەجۆرێک گۆڕی، کە ئێستا دڵنیایە لەوەی عێراقی ئێستا جارێکی تر نابێتە جێگەی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئێران.

هاوکات ئێران لەگەڵ دروستبونی جەنگ لە سوریا هەمان پلانی هەبو، کە سوریا نەبێتە وڵاتێکی نەیاریو هەروەها پردی پەیوەندی ئێران بە دەریای ناوەڕاستەوە نەپچڕێت. بۆیە داکۆکی لە رژێمەکەی ئەسەد، بو بە بەشێک لە سیاسەتی ئاسایشی ئێران. ئێران بە هەمانشێوەی عێراق، لە ئێستادا دەخوازێت گۆڕانکاری دیمۆگرافی لە سوریا بکات، هەتا بتوانێت بونیادێک بۆ عەولەویو دۆستەکانی دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانن لەناوچەکەدا زەمانی مانەوەیان بۆ فەراهەم بکات.

### ئێران و روسیا

**لەسەر مەلەفی سوریا، ئێران و روسیا لە کۆمەڵێک ئامانجدا هاوبەشن، لە دیارترینیشیان:**

١. نەهێشتنی سەرکەوتنی بەرەی سوننە لە سوریا.
٢. سنوردارکردنی پێگەی تورکیا.
٣. دروستنەبونی دەوڵەتێکی سوننی توندڕەو کە دەبێتە پشتێک بۆ سوننەی عێراق و پاشان فشار بۆ ئێران.

**هاوکات روسیاو ئێران لە چەند ئامانجێکدا هێندە هاوبەش نین یان دژ بە یەکن، لەدیارترینیان:**

١. روسیا سیاسەتی واقیع بەکاردەهێنێت لە سوریا، بەڵام ئێران ئامانجێکی ئایدۆلۆژی و درێژخایەنی هەیە.
٢. بۆ ئێران ئاسان نیە سیاسەت بە سوریاوە بکات، بەڵام روسیا دەتوانێت سیاسەتی پێوەبکات.
٣. ئێران دەخوازێت (حزب الله) لە سوریادا ئامادەی بەهێزی هەبێت، بەڵام روسیا هەمان ئاماجی نیە، بگرە لە لایەن ئیسرائیلەوە لە ژێر فشاردایە بۆ ئەوەی رێگە بە (حزب الله) نەدات، لە سوریا بەردەوام بێت.

٤. روسیا دژە بەوەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە سەرچاوەی وزە بۆ ئەوروپا، بەڵام ئێران دەخوازێت خۆی ببێتە بەشێک لەو بازارە بەڕوی ئەوروپادا.
٥. بەگشتی روسیا نایەوێت لەگەڵ ولاتانی سونەدا کێبرکێ و ململانێی درێژخایەن دروست بکات و وڵاتانی سوننە ببنە دوژمنی، بەڵام ئێران بە پێچەوانەوە هەمیشە لەگەڵ ولاتانی سوننەدا ناتەبایە، هەرچەندە لە زۆرجاردا پراگماتیانە مامەڵە دەکات.
٦. بۆ ئێران زامنکردن و مانەوەی بەشار ئەسەد لەسەر کوسری دەسەڵات هێڵی سورەو یارای گفتوگۆکردن نییە، بەڵام بۆ روسیا گفتوگۆکردن لەسەر ئالوگۆڕی دەسەڵات لە سوریا هێڵی سور نییە.
٧. روسیا دژ بە سیستمی فیدرالیزم و کۆنفیدرالیزم نییە بۆ سوریا، بەڵام ئێران بەهەمو شێوەیەک دژ بە دابەشکردنی دەسەڵاتە لە سوریاو پێی وایە بۆ هەمیشە دەبێت دیمەشق نێوەندی دەسەڵات بێت.

## تورکیا

ئامانجی سەرەکی تورکیا لە سوریادا ئەوەبوو کە پاش روخاندنی رژێمەکەی ئەسەد، سوریا بکاتە پانتایی نفوزی خۆیو لەو رێگەیەوە هێندەی تر لە جیهانی عەرەبی نزیک بێتەوە، بە تایبەتی بازاڕی دەوڵەمەندی کەنداو. بەڵام تورکیا خۆی بە تەنها نەیتوانی ئەم کارە بکات و ئەمریکاش پشتیوانی نەکرد. پشتیوانی سعودیە و وڵاتانی تری کەنداویش، نەبوە هۆی ئەوەی کە هێزێکی وەها بێتە کایەوە کە بتوانێت ئەسەد بروخێنێت. بەڵام بەگشتی تورکیا کۆمەڵێک ئامانجی لەسوریادا هەیە، لەدیارتینیان:

١. رێگری لە هەژمونی ئێران، تەنانەت لە ئێستاشدا شەڕ لە سەرناوچەکانی تەلەعفەر لە عێراق و باب لە سوریا، بۆ رێگریە لەم ئامانجە.
تورکیا ناخوازێ دەسەڵاتێک یاخود کیانێکی کوردی لە رۆژئاوا دروست بێت، چونکە بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر ئاسایشی خۆی. تەنانەت هەندێک لە دەسەڵاتدارانی تورکیا پێیان وایە کۆنترۆڵکردنی کێشەی کورد لە ناوخۆیی تورکیادا پەیوەستە بە کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵ و دەسکەوت و ئامانجەکانی کورد لە سوریادا.
٢. تورکیا نایەوێت دەرگای جیهانی عەرەبی لێدابخرێت، بۆیە بە لایەوە گرنگە کە هەرچەندە ناکۆکی هەیە لە گەڵ دەسەڵاتی شیعەی عەرەبیدا، بەڵام ئاوهاش دەخوازێ

پەیوەندی هەبێت لەگەڵیاندا. بۆ نمونە لەئایندەدا ڕەنگە پەیوەندی نێوان بەغدا و ئەنکەرە، وەک پەیوەندی نێوان تاران و ئەنکەرەی لێبێت: لە ئاستی تیۆروانین و ئایدۆلۆژیادا پێچەوانەی یەکتربن، بەڵام لە ئاستی پراکتیزو مامەڵەی ئابوری و بازرگانیدا هاوکاری یەکتر بن.

## روسيا، ئێران‌و توركيا

بەگشتی تورکیا وەک نەگونجاو دەبینرێت لە نێو ئەم هاوپەیمانیە سێ قۆڵیەدا. چونکە روسیا و ئێران خوازیاری ئەوەن کە ئەوروپا و ئەمریکا دەسەڵاتیان نەمێنت بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە هەمانکاتدا دەخوازن کە بەرەی سوننە، بە تایبەتی سعودییە هیییچ دەسەڵاتێکی لەناوچەکەدا نەبێت. بەڵام تورکیا بە پێچەوانەوە هەوڵی دەدا بە پشتی ئەروپا و ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو بە ئامانجی خۆی بگات. پشتیوانی نەکردنی ئۆباما و لاوازی تورکیا وەهای لە وڵاتانی کەنداو کرد کە بکشێنەوە ئەگەر کاتیش بێت. بەڵگە بۆ ئەم کشانەوەیە، لە دوا وتاری مەلیکی سعودیە لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە بە هیچ جۆرێک باسی سوریای نەکرد .

دیارە ئەم کشانەوەیە، وەهای لە تورکیا کرد کە بەرەو بەرەی روسیا بڕوات. هەرچەندە وەها دەردەکەوێت ئەردۆگان کەسێکی ئاینیە، بەڵام پراگماتیە. هەمو ئامانجی ئەوەیە کە بمێنێتەوە لە سەر دەسەڵات، بۆیە میکیاڤیللیانە سڵناکاتەوە لە هیچ هەنگاوێک لە پێناو ئەم ئامانجەدا.

کەوتنی حەلەب سەرزەمینی ئەم وەرچەرخانە بو. ئەم وەرچەرخانە لە ئێستادا یانی کۆتایی خەونی سوننە و کەنداو، بەڵام تورکیا هەوڵیدا لە دوا قۆناغدا ئەوەی سودی هەیە لە بەرەی سوننە بیکاتە دەستە گۆڵی بۆ ئەوەی لە بەرەی نەیاری سوننە سەنگێکی هەبێت بۆ دانوستان. چونکە ئەگەر تورکیا و بەرەی سوننە لە زۆر شتدا هاوبەش بون، لە هەندێک ئەولەویەتدا وەک یەک نەبون، بە تایبەت لە مەسەلەی کورددا.

تورکیا هەوڵدەدات بە هاتنی بۆ ئەم بەرەیە دەستی هەبێت لە داڕشتنی ناوچەکە، نەک لایەنێکی دەرەکی بێت، بە تایبەت لە سوریا. وەک هەندێک سەرچاوە ئاماژەی پێئەدەن، روسیا لە گەڵ سوریایەکی فیدڕالدایە. بەڵام ئێران و تورکیا دژ بەم پرۆژەیەن.

١. روسیا لەسەرەتای جولانەوەکانی سوریا لەساڵی ٢٠١١ تا نزیکی مانگ ٧ی ساڵی ٢٠١٦ کەمانگی ئاشتبونەوەی نێوان روسیاو تورکیا بوو، بەشێوەیەکی هاوسەنگ مامەڵەی لەگەڵ پرسی کورددا دەکرد لەسوریا. تەنانەت زۆرجار هاوکاریو پشتگیری لۆجستیشی بۆ هێزە کوردییەکانی پەیەدە دابین دەکرد، بەڵام لەدوای ئاسیایی بونەوەی پەیوەندییەکانی روسیاو تورکیا، هەڵسوکەوتەکانی روسیا بەرامبەر کوردانی رۆژئاوا بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرژەوەندی تورکیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بەجۆرێک ئەوەتا لە شەری شارۆچکەی (الباب)، بەدیاریکراویش لە رێکەوتی ١٩-١-٢٠١٧ فرۆکە جەنگیەکانی روسیا بە هاوبەشی لەگەڵ فڕۆکەکانی تورکیا، بە بیانوی لێدانی داعش یارمەتی پێشخستنی هێزەکانی تورکیاو هاوپەیمانەکانی کردوە، بۆ پێشرەوی زیاتر لەسنوری باکوری سوریادا. ئەم هێرشە ئاسمانییە یەکەمین ئۆپەراسیۆنی ئاسمانیی سەربازییە، کە روسیا و تورکیا بە هاوبەشی لە سوریا ئەنجامی دەدەن. ئاشکراشە تورکیا تەنها مەبەستی دژایەتی داعش نییە بەڵکو دەخوازێ بە بیانوی داعش زەبر لەهێزەکانی یەپەگەو یەپەژە بوەشێنێت. لەم رێگایەشەوە، بتوانێ پرسی یەکگرتنەوەی کانتۆنەکانی رۆژئاواو باڵادەستی کورد لەبەشی باکوری سوریا کۆتایی پێ بهێنێت.

کۆبونەوە نهێنیەکانی تورکیاو ئێران لەمەر پرسی کوردو راپۆرتە نهێنیە دزەپێکراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئێرانو تورکیا لێکتێگەیشتنی باش هەیە لەنێوانیان لەسەر ئایندەی عێراقو سوریا بە گشتیو پێگەی کورد لەو نێوانەدا بەتایبەتی. واتە هەردولا ئامادەییان نیشانداوە بۆ رێگریکردن لەهەر هەوڵێک کە ببێتە هۆکار بۆ راگەیاندنی کیانێکی کوردی لەهەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان. واتە تورکیاو ئێران بەشێوەیەکی سەرەکی هاوبەشن لەدژایەتیکردنی بیرۆکەی سەربەخۆی و دابەشکردنی سوریاو بەکارخستنی سیستمی فیدرالیزم لەسوریا. لە ئێستاشدا سەرەتای ئەو هەوڵە بە کردارەکی دەستی پێکردووە کە خۆی لە دابرینی کانتۆنەکانو نەهێشتنی بەیەکگەیشتنەوەیان دەکات لە رۆژئاوای کوردستاندا.

٢. شەنگالو سەربازگەی باشیک: یەکێکی دیکە لەو دۆسییانەی بەم دواییە هاتوەتە ئاراوەو لەنێوان تورکیاو عێراقدا، بریتییە لە دۆسییەی چۆڵکردنی شەنگال لەلایەن هێزەکانی پەکەکەوە، دۆسییەی چۆڵکردنی سەربازگەی باشیک لەلایەن تورکیاوە.

سەرەرای ناکۆکیەکانی نێوان تورکیاو عێراق دەربارەی لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق لە چەند مانگی رابردودا، بەڵام تورکیا هاوشانی جموجۆڵە سیاسەکانی دیکەی بەرامبەر عێراقیش هەنگاوینا، ئەوەبوو لە رێکەوتی ٧-١-٢٠١٧ سەرۆک وەزیرانی تورکیا سەردانی بەغداو هەرێمی کوردستانی کرد، پاش کۆبونەوەی (بینالی یەڵدرمو حەیدەر عەبادی) سەرئەنجام لەسەر ٩ خاڵ رێککەوتن، بەپێی راگەیەنراوی کۆبونەوەکە، خاڵەکان بریتین لە:

١. هەردولا جەختیان لەسەر ئاسایشو دژایەتیکردنی تیرۆرو پاراستنی سەروەریو یەکێتی خاکی عێراق کردەوە.
٢. سەربازگەی باشیك بنکەیەکی سەربازی عێراقییە.
٣. لایەنی عێراقی هەڵوێستی خۆی لەسەر بنکەی سەربازی باشیك دوپاتکردەوەو داوای کرد تورکیا دەست بە کشانەوەی هێزەکانی بکات بە چەند هەنگاوێكو کۆتایی بەم کێشەیە بێنێت. لایەنی تورکیش دوپاتی لەسەر پابەندبوون بە یەکێتیو سەروەری خاکی عێراق کردەوە.
٤. جەخت لەسەر هاوکاریو بازرگانیو ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە کرایەوە کە بەهۆی تیرۆرەوە وێرانبون، لەو پێناوەشدا سەرجەم رێککەوتنەکانی نێوان هەردو وڵات چالاك دەکرێنەوە.
٥. هەردولا رێککەوتن لەسەر هاوکاریکردنی زیاتر لە بەڕێوەبردنی هەردو روباری دیجلەو فوراتو پرۆژەکانی دیکەی ئاو.
٦. حکومەتی تورکیا دەستخۆشی لە سوپای عێراق دەکات بەرامبەر پێشڕەوییەکانی لە موسڵ.
٧. هەردولا لەسەر ئەوە رێککەوتن هیچ رێکخراوێکی تیرۆریستی نەبێتە هەڕەشە لە خاکی یەکێکیانەوە بۆ سەر ئەوی دیکەیان.
٨. هەردولا لەسەر هاوکاریکردنو ئەنجامدانی کاری هاوبەش لە بوارەکانی رۆشنبیریو گەشتوگوزارو.. هتد رێککەوتن.
٩. هەردولا لەسەر پلانێکی ستراتیژی رێککەوتن بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکی هاوبەش، لەپێناو سەقامیگری ناوچەکەو رێگەگرتن لە دروستبوونی شەڕی تائیفی.

لەگەڵ رێککەوتنی عێراق و تورکیا لەسەر ئەم خاڵانە، رابەری کۆماری ئیسلامی ئێران (خامینەئی) لای خۆیەوە ئەم لێکنزیبونەوەیەی تورکیاو عێراقی بەگرنگ وەسف کرد بۆ

سەقامگیری ناوچەکە. لە نیوەرۆکدا ئەوەی تورکیا مەبەستی بوو لەم سەردانەی بۆ عێراق بریتی بوو لە بەدەستهێنانی رەزامەندی عێراق بۆ هاوکاریکردنی لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن دژ بە هێزەکانی پاراستنی گەل (پەکەکە) لە شەنگالو قەندیل. بەڵام ئەوەی لەم رێککەوتنەی نێوانیان دەخوێندرێتەوە ئەوەیەکە حکومەتی عێراق داوای لە تورکیا کردوە چیتر سەرەوەری خاکی عێراق پێشێل نەکاتو سەربازگەی باشیک لە زوترین کاتدا چۆڵ بکاتو حکومەتی عێراق ئامادە نەبووە کە هاوکاری تورکیا بکات بۆ لێدانو شەر دژ بە پەکەکە، هاوکات دڵنیایی بەخشیوەتە تورکیا، کە چیتر خاکی عێراق لەلایەن پەکەکەوە بەکار ناهێندرێت بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا. پێدەچێت تورکیا رەزامەند نەبێت لە چۆڵکردنی سەربازگەی باشیک، لەوانەشە پلانی دووەمی بریتی بێت لە پەنا بردن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە دیاریکراویش (پارتی دیموکراتی کوردستان)، بۆ پەلاماردانو شەر دژ بە پەکەکە. بەتایبەت کە لە ئێستادا پارتی دیموکراتی کوردستان لەزاری سەرکردە باڵاکانیەوە بە نمونە (نێچیرەڤان بارزانی) لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەگەر پەکەکە ئامادە نەبێت شەنگال چۆڵ بکات، ئەوا ئەوان ئامادەن وەک پارتی هێز لە دژی پەکەکە بەکار بهێنن". ئەمەش ئاماژەیەکی رونە بۆ ئەوەی پارتی دیموکرات ئامادەیە شەری بە وەکالەت لە شەنگال بۆ تورکیا ئەنجام بدات، ئەمەش لەو پێناوەی دوبارە باڵادەستی خۆی بەسەر ئەو قەزایەدا بسەپێنێتەوە. بەڵام لای خۆیەوە وتەبێژی کەجەکە (سەرحەد ڤارتۆ) لەبارەی چۆڵکردنی شەنگال وەڵامی (نێچیرڤان بارزانی)و پارتی دایەوەو دەڵێت " لەئێستادا مانەوەی گەریلاکانی ئێمە لە شەنگال پێویستە، چونکە تاکو ئێستاش شەنگال و ئێزیدیەکان مەترسیان لەسەرەو هێشتا مەترسی دوبارە بوونەوەی کۆمەڵکوژی نەڕەویوەتەوە" .هاوکات دەڵێ "هەرکات هێزەکانی تورکیا لەباشیک کشانەوە، ئەوکات ئێمەش پرسی مانەوەو نەمانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لە شەنگال بە گفتوگۆ چارەسەر دەکەین و مەسەلەی شەنگال نابێت تەنها لە کشانەوەی گەریلاکانی پەکەکەدا کورت بکرێتەوە ". ئەمەش ئاماژەیەکی رونە بۆ ئەوەی کە هێزەکانی پەکەکە ئامادە نین شەنگال چۆڵبکەنو لەزاری خۆشیانەوە رایانگەیاندوە کە چیتر شەنگال لەروی دەسەڵاتی ئیدارییەوە ناگەرێتەوە بۆ بەر لەداگیرکردنی ئەو قەزایە لەلایەن داعشەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی عێراق رایگەیاندووە "هەموو ئەو ناوچانەی کە ئازادکراون لەدەستی داعش، پاش رزگارکردنی موسڵ دەبێت لەروی ئیدارییەوە بگەرێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی". ئەم لێدوانو ئاماژە دژ بەیەکانە دەریدەخات کە پێدەچێ

دۆسیەی شەنگال‌و سەربازگەی باشیک، ببنە دو وێستگەی دیکەی ململانێ نێودەوڵەتیەکان لە عێراق هاوشانی جەنگی موسڵ‌و لایەنە دەرەکیەکانیش دەستێوەردانی تێدا بکەن.

## مەترسیەکانی ڕێکەوتنی روسیاو ئێران و تورکیا بۆ پرسی کورد

١. کورد تەنها وەک شەرکەرێک ببینرێت و کەس لە قۆناغی دانوستاندا بایەخیان پێنەدات، دانیشتنەکانی ئەستانە باشترین بەڵگەن بۆ ئەم راستییە، ئەوەش پاش ئەوەی پەیەدە هەوڵیدا بۆ ئەوەی بەشداری کۆبوونەوەکە بکات، بەڵام بەخواستی تورکیا بانگهێشت نەکراو و روسیا و ئێرانیش لەوبارەیەوە بێدەنگییان هەڵبژارد[٣].
٢. نەیارەکانیان سەرسەخت بن و دۆستەکانیان هێندە سور نەبن لە سەر خواستەکانی کورد.
٣. کورد خۆی هەوڵنەدات لە ڕوی سیاسیەوە گۆرانکاری لە دیدو ئایدۆلۆژیایان بکەن و لە ئەنجامدا کەس دۆستی سیاسیان نەبێت.
٤. لە باشوری کوردستان باڵادەست بونی حەشد و سوربونی لە سەر هێڵی خانەقین حەلەب وەها بکات شیعەکان روبەرو ببنەوە لە گەڵ کوردا.
٥. پەرتەوازەیی کورد، وەها ببینرێت ئەگەر هاتو پشتگوێبخرێن ئەوا وەک مەترسی نەبینرێن، چونکە دەتوانرێت بە ئاسانی پەرت بکرێن و بدرێن بە گژ یەکتردا.
٦. روسیا وەها لە کوردانی ڕۆژئاوا بنوارێت کە نزیکن لە ئەمریکاوە و پشتیوانی پێویستیان نەکات یان داوای ئەوەیان لێبکات کە دەبێت پشت بکەنە ئەمریکا. ئەگەر هاتو ئەم کارەیان کرد، لە دەرەنجامدا بێ پشتیوان بمێننەوەو چیتر قۆناغی مانۆرو جوڵەی کوردانی رۆژئاوا، وەک رابردو ئاسان نابێت. بەتایبەت ئەگەر ناچاربکرێن لە نێوان روسیا و ئەمریکا لایەک هەڵبژێرن.

---

٣. لە ئێستادا پەیەدە نوێنەرایەتی دەنگی زۆرینەی کوردەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات بەڵام پەیەدەو هێزە شەرکەرەکانی بانگێشت نەکران، لەبەرامبەردا تەنیا سێ کورد بۆ کۆبوونەوەکانی ئاستانە بانگهێشتکران، ئەوانیش: ئیبراهیم برۆ، سەرۆکی ئەنەکەسە، عەبدولحەکیم بەشار، جێگری سەرۆکی ئیئتیلافی نیشتمانیی سوریا و ئەندامی سەرکردایەتی ئەنەکەسە، لەگەڵ پارێزەر دەروێش میرکان، ئەمانەش بە دۆستی تورکیا ناسراون لەنێو کوردەکانی رۆژئاوادا.

### دەرئەنجام

١. ڕێککەوتنو هاوپەیمانی سێ قۆڵی مۆسکۆی (ڕوسیاو ئێرانو تورکیا) لەسوریا، بە پلەی یەکەم دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندی ڕژێمی بەشار ئەسەدو روسیاو ئێرانو زیان گەیاندن بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا. لەلایەکی دیکەش سودگەیاندن بە بەرژەوەندی تورکیا، بەو پێیەی ئەم ڕێککەوتنە سەرئەنجام ئامانج لێی دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتی پەیەدەیەو هێزە سەربازییەکانیەتی لە رۆژئاوای کوردستاندا.

٢. روسیا پاش دارمانی یەکیتی سۆڤیەت، ئەمە یەکەمین جارە کە دەستێوەردان دەکات لە وڵاتێکی دیکەدا بەو ئاستە. لە هەمانکاتدا ئەمە گەورەترین دەستێوەردانە کە وڵاتێکی دیکە جگە لە ئەمریکا لە دەرەوەی سنوری ئەنجامی ئەدات. ئەم گورزمە گەورەیە دو شتمان پێدەڵێت. **یەکەم:** روسیا باوەڕی بە خۆی پەیداکردوە. **دوەم:** ئەمریکا ڕۆڵی لە ناوچەکەدا وەک رابردو نەماوەو لاوازبوە. بە گشتی ئەمەش ئاماژەیەکی رونە بۆ کۆتایی هاتن بە سەردەمی تاک جەمسەری، لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا.

٣. ئەم ڕێککەوتنە ئاماژەیە بۆ بێ توانایی‌و بێ کاریگەری وڵاتانی عەرەبی بەگشتی‌و وڵاتانی عەرەبی سونە، بەتایبەت سعودییەو قەتەر کە هاوپەیمانی سەرەکی ئەمریکان لە ناوچەکەدا. بەو پێیەی ئەم ڕێککەوتنو هاوپەیمانێتیە تایبەتە بە چارەنوسی وڵاتێکی عەرەبی بەڵام هیچ نوێنەرێکی وڵاتانی عەرەبی‌و سونی ئامادەیی‌و رۆڵیان تیایدا نەگێڕاوە.

٤. کۆتایی هێنان بە پشتگیری و هاوکاری کردنی گروپە ئۆپۆزسیۆن و چەکدارەکانی سوریا لەلایەن تورکیاوە، خۆی لەخۆیدا لەلایەک ئاماژە دەبێت بۆ لاوازبونی هەژمونی تورکیا بەسەر ناوچە سوننە نیشین و تورکمانەکانی سوریای هاوسنور لەگەڵ تورکیادا. لەلایەکی دیکەش پێدەچێ بەرەیەکی جەنگی دیکە دژ بە تورکیا بکاتەوەو ئەو لایەنانە لەناوخۆ و دەرەوەی تورکیا وەک کاردانەوە پەلاماری تورکیا بدەن.

٥. پێدەچێت ئێران و تورکیا لە ئایندەی سوریادا تەواوی توانا سەربازییەکانی خۆیان بەکاربهێنن بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی کوردو شکست هێنان بەو دیفاکتۆییەی لە رۆژئاوای کوردستان هاتوەتە ئاراوە، بە تایبەتی لە دوای لاوازکردنی داعش و بەرەی نوسرە، ئەوەش لە ڕێگەی هاوکاریکردنی ڕژێمی ئەسەد بۆ لێدانی ئەزمونی کورد لە رۆژئاوای کوردستان.

٦. ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو روسیا، پێدەچی ببێتە هۆکار بۆ پەراوێزخستنی ئێران، بەدیاریکراوی لەلایەن روسیاوە، واتە چیتر وەک ئێران لەلایەن روسیاوە گرنگی پێ نەدرێت. هاوکات تورکیا بەنزیکبونەوەی لە روسیا توانی درزێک بخاتە نێوان پەیوەندییەکانی ئێران و روسیاوە، بە نمونە ڕاگرتنی جەنگ و ئاگربەست لە سوریا، بەرێککەوتنی روسیاو تورکیا ئەمجامدراو هیچ پرس بە ئێران نەکرا.

٧. وەک هەمیشە پێشبینی چەند سیناریۆیەک دەکرێت پەیوەست بە پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو روسیا بەتایبەت لەم قۆناغەدا. بۆچونێک پێی وایە ئاڵۆزبونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕوسیا ئەگەرێکی کراوەیە، بەتایبەت لەسەر دۆسییەی سوریا. ئاماژەکانی ئەم پێشهاتەش بەدەرکەوتون بەتایبەت پاش ئەوەی ئیدارەی ئۆباما لە کۆتایەکانی ماوەی دەسەڵاتیدا وەک کاردانەوە دژ بە هەنگاوە دیبلۆماسیەکانی روسیا، هەستا بە لە دەرکردنی ٣٥ دیپلۆماتی هەواڵگری مۆسکۆ لە ئەمریکادا. ئەوەش بەپاساوی هێرشی سایبەری بۆ سەر سیستەمی کۆمپویتەرەکانی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ئەمریکا و هاککردنیان، و گۆڕینی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندی دۆناڵد ترامپ. لەبەرامبەردا بۆچونێکی دیکەش پێی وایە لەگەڵ دەستبەکاربونی ئیدارەی (دۆناڵد ترامپ) پەیوەندییەکانی روسیاو ئەمریکا رو لە قۆناغێکی دیکە دەکات و لێکنزیک بونەوە و لێکتێگەیشتنی زیاتر لەنێوان ترامپ و پۆتیندا دێتە ئاراوە.

٨. لەنێو هەموو ئەم باردو دۆخەدا دەشێت ڕوسیاو ئێران و تورکیا بتوانن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێکەوە کاری هاوبەش ئەنجام بدەن لە چەشنی راگەیاندنی ئاگربەست لەسوریاو کۆبونەوەکانی ئەستانە لەکازاخستان. ئەمەش لەپێناو جێبەجێکردنی ستراتیژێکی هاوبەش لە ناوچەکە بە گشتی و لە سوریا بە تایبەتی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ستراتیژ و ئامانج و ئەجێندا فەرمییەکانی هەرسێ وڵات هەمیشە دژ بەیەک دەوەستنەوە، ئەمەش وادەکات کە زۆر زەحمەت بێت، ئەم جۆرە هەوڵانە بتوانێت بەشێوەیەکی کۆنکرێتی بۆ ئایندە بەردەوامیان هەبێت و سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بهێنن.

## سەرچاوەکان


١. ئامانجی هاوبەشی تورکیا و ئێران لە سوریا؛ چی مۆسکۆ و تاران لێك دوور دەخاتەوە؟، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre...

٢. پەیوەندییەکانی نێوان رووسیاو ئێران لە ژێر کاریگەری قەیرانی سوریادا، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=8561&T...

٣. کاریگەری جموجۆلە دیبلۆماسییەکانی ڕوسیاو ئێران و تورکیا لەسەر داهاتوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=23493&T...

٤. پەیوەندییەکانی ئەمریکا – ڕوسیا؛ بوارەکانی ململانێ و هەماهەنگی، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=32292&...

٥. تورکیا و رووسیا یەکەم هێرشی ئاسمانیی هاوبەشیان لە سووریا ئەنجامدا، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/syria/190120171

٦. لە ئاستانە حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا کۆبوونەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/23012017

٧. عێراق و تورکیا لەسەر ٩ خاڵ ڕێککەوتن، پێگەی ئەلیکترونی؛
http://www.rudaw.net/sorani/middleeast/070120172

٨. ئاگاتان لە سیاسەتی دووفاقیانەی روسیایە، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.penusakan.com/Article-3612...

٩. ئێران و تورکیا لەسەر پرسی کورد ڕێککەوتون، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.penusakan.com/Article-2517...

١٠. پەیامی جەنگ و ڕێکەوتنەکانی حەڵەب و موسڵ! ، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.penusakan.com/Article-3602

١١. یەکەکە وەڵامی سەرۆك وەزیرانی تورکیا دەداتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.dwarozh.net/details.aspx?jimare=39433

١٢. یەکەکە: لە شنگال برۆین کۆمەڵکوژی دووبارە دەبێتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://kurdpress.com/NSite/FullStory/News/...

١٣. ١٠٠ مليار دولار استثمارات خليجية مرتقبة في تركيا، على الموقع؛
http://alkhaleejonline.net/articles/1484246393163...

١٤. إعلان وثيقة موسكو لحل أزمة سوريا.. والمعارضة ترفض، على الموقع؛
http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/syria/2016/12/20...

١٥. اتفاق روسي تركي إيراني من ٨ نقاط في "وثيقة موسكو" المتعلقة بسوريا، على الموقع؛
http://www.rudaw.net/arabic/world/211220166

١٦. صحيفة إيرانية: اتفاق روسيا وتركيا همش دور طهران بسوريا، على الموقع؛
http://www.alarabiya.net/servlet/aa/pdf/4d9c5a08-fdbe-4178-b4e5-4a007ae8a2e0

١٧. إعلان موسكو: خارطة طريق روسية تركية إيرانية لسورية، على الموقع؛
https://www.alaraby.co.uk/politics/2016/12/20/...

١٨. المثلث الروسي الإيراني التركي إلى أين ؟، على الموقع؛
http://www.asharqalarabi.org.uk...

١٩. عماد يوسف قدورة، روسيا وتركيا: عالقات متطورة وطموحات متنافسة في المنطقة العربية، على الموقع؛

http://www.dohainstitute.org/file/Get/7bbefe20-b5f1-4e8e-aa51-8ddab1102286.pdf

٢٠. تحليل حول وقف إطلاق النار في سوريا: "وفاق مفاجئ" بين روسيا وتركيا وتهميش لأمريكا، على الموقع؛
http://arabic.cnn.com/middleeast/2016/12/30/syria-ceasefire-russia-turkey-analysis

٢١. اتفاق تركي-روسي غامض حول سوريا.. والفصائل تقدم شروطها، على الموقع؛
http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/syria/2016/12/29...

٢٢. فرص نجاح الاتفاق الروسي التركي بسوريا، على الموقع؛
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/2017/1/2/...

٢٣. علاقات روسيا مع إيران، على الموقع؛
http://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/russian-relations-with-iran-dialogue-without-commitments

٢٤. الفيدرالية الكردية مابين الرفض السوري والإنقلاب الروسي والتحذير التركي، على الموقع؛
http://orient-news.net/ar/news_show/106287/0/...

٢٥. الأكراد أخطأوا الحسابات عندما اجتازوا نهر الفرات، الاتفاق الروسي التركي يحطـم المشروع الكردي في سورية، على الموقع؛
http://www.emaratalyoum.com/politics/reports-and-translation/2016-09-12-1.928852

٢٦. اتفاق أنقرة-موسكو... صفعة لـ"الكردستاني"ولا تغيير جذرياً للموقف التركي بسورية، على الموقع؛
https://www.alaraby.co.uk/politics/2016/6/28...

٢٧. انباء عن مقايضة تاريخية بين بوتين واردوغان: الاكراد مقابل سورية.. ما هي فرص النجاح والفشل؟ وما هي الاعترافات التي قدمها الرئيس التركي في لقائه مع وكالة "تاس" الروسية وشكلت مفاجأة؟ وما هي المؤشرات الاربعة حول تفاهمات الملف السوري؟، على الموقع؛
http://www.raialyoum.com/?p=497570

٢٨. مركز كارنيغي: بعد الدبلوماسية الغامضة، تركيا تتدخل في سوريا، على الموقع؛
http://www.umayya.org/articles/translated-articles/10956

٢٩. تركيا تلعب على التناقض الروسي-الأميركي في سوريا، على الموقع؛
http://www.almodon.com/arabworld/2016/11/2...

٣٠. الآستانا هل ستغرق تركيا في المستنقع السوري، على الموقع؛
http://xeber24.org/archives/3420

٣١. ما مصير أكراد سوريا بعد الاتفاق الروسي-التركي؟، على الموقع؛
http://baladi-news.com/ar/news/details/14877/...

٣٢. تصادم المصالح الأمريكية والتركية بسبب القضية الكردية، على الموقع؛
https://arabic.rt.com/press/825577-...

٣٣. مآلات الصراع التركي الكردي على الاتفاق الأمريكي الروسي بشأن سوريا، على الموقع؛
http://sasapost.com/us-russia-in-syria/

٣٤. هل ستتخلى الولايات المتحدة عن كورد سورية بعد اتفاق السلام الجديد؟، على الموقع؛
http://www.huffpostarabi.com/tamer-hussien-ibrahim/post_13843_b_13970556.html

٣٥. مسودة الاتفاق التركي الروسي بشأن سوريا، على الموقع؛
http://www.skynewsarabia.com/web/article/904655/...

٣٦. وزير الدفاع التركي: "إنجرليك" تركية واستخدامها يتم بموافقتنا، على الموقع؛
http://aa.com.tr/ar/%D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A7/%D9%88%D8%B2%D9%....

٣٧. أردوغان يتهم أمريكا والتحالف بدعم "داعش": لدينا الأدلة، على الموقع؛
http://arabic.cnn.com/world/2016/12/28/erdogan-accuses-us-coalition-support-isis

٣٨. أمريكا تنفى اتهامات أردوغان لها بدعم تنظيم داعش، على الموقع؛
http://www.youm7.com/story/2016/12/28/%D8%A3%D9%85%D8%B1%D9%8A%....

٣٩. واشنطن: اتهامات اردوغان للتحالف بمساندة الارهاب "مضحكة"، على الموقع؛
http://www.bbc.com/arabic/world-38447430

٤٠. قرار مجلس الأمن رقم ٢٢٥٤ بشأن سوريا، على الموقع؛
http://www.aljazeera.net/encyclopedia/events/2015/12/20/%D9%82%D8%B1%D8%A.....

41. **Erdoğan says PYD/YPG links to PKK undeniable, Kalin slams US for supporting SDF**
https://www.middleeastobserver.org/2017/01/12/29241/

42. **SDF confirms that it has no affiliation or ties to PKK**
https://twitter.com/CENTCOM/status/819287492356620296

43. **Tashayu (Conversion to Shiism) in Central Asia and Russia, at the site;**
https://hudson.org/research/9843-tashayu-conversion-to-shiism-in-central-asia-and-russia-

44. **Astana floored by Russian pick as Assad successor, at the site;**
http://app.debka.com/n/article/25898/Astana-floored-by-Russian-pick-as-Assad-successor

45. **KRG PM: Talk of Iraqi Kurdish independence red line for Iran, but not Turkey, at the site;**
http://www.al-monitor.com/pulse/originals/2016/12/krg-iraq-kurdistan-region-nechirvan-barzani-iran-turkey.html